## بۆ / بەڕێز نوێنەرایەتی ئیدارەی مەدەنی ئەمریکی لەهەولێر

## بابـــــەت / یاداشـــــتنامـە

دوای ئەوەی رژێمی دیکتاتۆر لەلایەن هێزی هاوپەیمانان لەناوچوو گەلی کوردستان لەگەڵ تەواوی گەلانی عێراق خۆی بەیەکەم سوودمەند دەزانێ لەگۆڕینی رژێمی دیکتاتۆرو نەژادپەرستی سەدام کە لەبنەڕەتدا ئەو رژێمە بەیەکێك لەمەترسیدارترین بنکەی تیرۆریستی دادەنرا لەناوچەکە کە هەڕەشەی هەبوو لەسەر بەرژەوەندیو هێمنیو ئاسایشی ناوچەکەو دونیادا، بۆیە ئێمە ئەو چوار (٤) حزبە چەپو دیموکراتخوازەی کە لەخوارەوە ناومان هاتووە، داوا دەکەین لەئێوەی بەڕێز بۆ پتەوکردنی هاوکاریو دۆستایەتیمان ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە کە لەم یاداشتەدا هاتووە دەخەینە بەرچاوی ئێوەی بەرێز، ئومێدەوارین لەهەنگاوەکانی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوە بەهەند وەربگیرێت.

١- پەرلەمانی کوردستان شێوە ژیانی فیدرالیانەی بڕیار داوە بۆ گەلی کوردستان لەگەڵ عێراقی داهاتوو.. ئێمە ئەو چوار حزبە رێز لەو بڕیارە دەگرینو پەسندی دەکەین هیوادارین ئێوەش هاوکاری گەلەکەمان بکەن بۆ ئەو ئامانجە، بەڵام ژیان لەژێر سایەی ئازادیو دیموکراتی لەو چەند ساڵەی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان تایبەتمەندییەکی بەخشیوە بەناوچەکە، بۆیە داواکارین لەداهاتوودا وەك مافی رەوای گەلانی ئازادیخواز زەمینە بۆ ریفراندۆمێکی جەماوەری برەخسێنرێت بۆ دەست نیشان کردنی چارەنووسی گەلەکەمانو تەواوی مافەکانی.

٢- پەلە بکرێ لەسڕینەوەی شوێنەواری پرۆسیسیو سیاسەتی تەعریبو بنەبڕکردنی شێوازەکانی لەهەموو بوارەکانو گەڕانەوەی تەواوی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی بابو باپیرانی خۆیانو قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانە مادیو مەعنەوییەکان.

٣- رەچاوکردنی بارودۆخی کوردستان لەمەڕ وەرگرتنی بەروبوومی جوتیارانو لەمەودواش هاوکاریو پشتیوانی مادیان بکرێت، بۆ دابینکردنی تەواوی پێداویستیەکانیان.

٤- بەگەڕخستنەوەی پرۆژەکانو دابین کردنی کارو بیمەی بێکاریو یارمەتیدانی خێزانە هەژارەکان (پەککەوتەو لانەوازو بێسەرپەرشتەکان).

٥- گرنگی دان بەگەڕانەوەی خەڵکە دەرکراوەکانو ئاوەدان کردنەوەو بوژاندنەوەی گوندە تێك دراوەکانو دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانو قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانەکانیان.

٦- هەوڵدان بۆ کەڵك وەرگرتن لەهێزو توانای ئافرەتان لەئاوەدان کردنەوەو بووژاندنەوەی کوردستان لەڕێگای هەموار کردنو داڕشتنەوەی ئەو یاسایانەی کە ئەو هەلەیان بۆ دەرەخسێنێ مافەکانیان بۆ دابین دەکات بەبێ جیاوازی.

٧- دابین کردنی موچەو گوزەرانێکی باشتر بۆ موچەخۆرانو دابین کردنی تەواوی پێداویستیەکانیان.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

٨- بەگەڕخستنەوەو ئاسان كردنی كاروباری بازرگانیو گەشتوگوزاری هاووڵاتیان.

٩- چارەسەركردنی كێشەی دراو لەكوردستانداو بەكارهێنانو درێژەدان بەبەكارهێنانی پارەی چاپی سویسری. تا چارەسەركردنی كێشەكە بەشێوەیەكی بنەڕەتی.

١٠- پاكسازی كردنی دامودەزگاكانی دەوڵەت لەپیاوانی رژێم بەتایبەتی ئەوانەی بەشدار بوونە لەتاوانەكانی رژێمی سەدام كە دژی گەلی كوردستانو گەلانی عێراق ئەنجامیان داوە.

١١- یەكێك لەچەمكە بنچینەییەكانی دیموكراسیەت ئازادی سیاسیو فرە حزبیە، بۆ بەتین كردنی ئەم لایەنە هەر لەئێستاوە هاوكاری ئێوەمان پێویستە بۆ دابین كردنی بودجەیەكی تایبەت بۆ حزبو رێكخراوە دیموكراتیو پیشەییەكانو سەنتەرەكانی رۆشنبیری لەكوردستاندا.

لەگەڵ رێزو سوپاسمان.

- **پارتی كۆماریی كوردستان**
- **كۆمەڵەی چەوساوەكانی كوردستان**
- **بزووتنەوەی دیموكراتی گەلی كوردستان**
- **رێكخراوی تێكۆشانی رەنجدەرانی كوردستان**

داواكارین سەردانتان بكەینو لەنزیكەوە یەكتری بناسینو وردەكاری ئەو خاڵانەشتان لەگەڵ باس بكەین.

**٢٠٠٣/٦/٩**

**١٩/ جۆزەردانی/ ٢٧٠٣**

**كوردستان - هەولێر**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com